

# بێدەنگی دەسەڵات و ئازادی بۆ ئەو تاوانبارەی کە هەوڵی تیرۆرکردنی (حەمە سەعید حەسەن)ی دا

ئاسۆ بیارەیی- 2006-10-10 سوێد

دەزگای ئاسایشی سلێمانی کە بەرپرسی یەکەمە لە ئاسایش و پارێزگاری گیانی هاوڵاتیان ، زیاتر لە چەند هەفتەیەکە بێدەنگی دەنوێنێت بەرامبەر ئەو تاوانبارەی کە ویستی نووسەر و ڕەخنەگر حەمە سەعید حەسەن تیرۆر بکات. دووریش نیە دادگاش کە ئۆرگانێکی بەرزتری حکومەتە هەمان هەڵوێستی هەبێت.

بێدەنگی ئەو دوو دەسەڵاتە(ئاسایش ودادگا) کۆمەڵێک گومانی دروستکردووە، کە لایەنگریان بۆ دەسەڵاتی هێزێکی ناسراو دەخاتە ڕو. دوور نیە پاساویان ئەوە بێت کە نووسەری ناو براو( حەمە سەعید حەسەن) دژە لایەنێکی سەرسەختی ینک و خەڵکانی ترە و ئەو ئەرکە ( گرتنی ئەو تاوانبارەی کە هەوڵی تیرۆرکردنی دا کە هێشتا ئازادە) بە گوناحی خودی تاوانلێکراو بزانن. لە دەستەدانی بێلایەنی دادگا و دەزگای ئاسایشی سلێمانی لەوەدایە، کە خەڵکێک بۆ داوای ڕەوای خۆیان ڕژانە سەرشەقامەکان بە دەیانیان لێگیرا، بگرە تەقەشیان لێکرا، بەڵام ئاسایش لە مەسەلەیەکی وادا دەرگای ئازادی بۆ تاوانبار خستوەتە سەرپشت. لیرەدا هەوڵی تیرۆر کردنی نووسەر و ڕەخنەگر تەنها نموونەیەکە بۆ ئاسایش و دادگا، کە دەبوو لە هەمان ئێوارەی **2006/9/28**، لە کاتی ڕودانی هەوڵی کوشتنەکەدا، تاوانباریان لە زیندان بئاخەنایە، ئەی ڕێزگرتنی یاسا چی دەبەخشێت؟ ئەگەرخودی ئەوانەی یاسایان بەدەستە یاسا پەیڕەو نەکەن؟؟؟؟؟؟؟؟؟

ئەگەر ئاسایش و دادگا، وەکو هاونیشتمانێکی سادەش تەماشای( نووسەر و ڕەخنەگر حەمە سەعید حەسەن) یان بکردایە و بە دژومنیان نەزانی بایە، یان کەسێکی تر تەقەی لێبکرایە، خۆ بۆ نە دۆڕاندی ڕاستگۆیی خۆیان بەرامبەر جەماوەر، دەبوو ئەو کێسەیان لە بیر خۆیان وون نەکردایە و بەڵکو پشتیوانیان لە بێتاوان بکرادیە و تاوانباریشان بۆ بەردەم دادگا بانگ بکردایە. خودی بێدەنگی نواندنی دادگا و دەزگای ئاسایشی سلێمانی، نیشانەی گوێ نەدانە بە یاسای حکومەتی باشووری کوردستان کە لە پەرلەماندا داڕێژراوە، چونکە نە دەبوو کە خەمساردبن لەپاراستنی مافی هاونیشتمانێکی خۆیان. ئەوە یاسای زۆربەی گەلانە کە حکومەت ئۆباڵی ئاسایش و پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی لە ئەستۆدایە و نیشانە بەهێزی و مۆدێرنیەتی ئەو دەسەڵاتەیە کە دەبێت بە چاوێکی یەکسانی بڕوانێتە هاووڵاتیانی، نەک بە ئارەزووی لایەنێکی دەسەڵاتدار.

خۆ دزینەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە(ئاسایش ودادگا) ، لە مەسەلەی وا ترسناک و چارەنووسازدا، سەروەری سەقامگیرکردنی یاسا دەخاتە هەڵدیرەوە و دەرگا بۆ پاشاگەردانی لە بوارەکانی تری کۆمەڵگە دەخاتە سەرپشت و سەرەتایەکە بۆ دووبەرەکی و برەودانی یاسای دارستان و تیرۆر . کەواتە ئەرکی هەموو هۆشمەندێکی کۆمەڵگەیە کە ئەو جۆرە دیاردانە ڕیسوا بکات و هاودەنگی خۆی بۆ سەروەری یاسا بخاتە پاڵ ئەو دەنگانەی تر. لێ ئەگەر وا بڕوات دوورنیە باشووری کوردستانیش وەکو عێراق ببێتە مەیدانی تۆڵەسەندنەوە و تیرۆر. مەبەست لە کێشەکە بەرگیری کردن لە مافی هاوڵاتیانە کە ژیانێکی ئازاد و سەروەریان هەبێت و لە کورستانی خۆیان سەربەست بژین. هەروەها بە بیرهێنانەوەی ئەو دەسەڵاتەیە لەو هەڵانەی کە دەیکات بەرامبەر هاووڵاتیانی.

---

سەرچاوە : http://www.knewsdaily.net/knews/content.asp?contentid=537